**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**
**ژمارە: ٤١٠٥ لە ٢٠٢٥/٧/٢**

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٥**

پاڵپشت بە ماددەی هەشتەم لە یاسای بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩ و بەو دەسەڵاتەی کە پێماندراوە بەپێی بڕگەی (٣) لە ماددەی پێنجەم لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٠ و ماددەی (١١ و ١٤) لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ (قانون حماية وتنمية الإنتاج الزراعي) لەبەر ڕوودانی هەڵەی چاپی لە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٩ (حماية وتطوير الإنتاج الزراعي) ڕاستکردنەوەمان بەم شێوەی خوارەوەیە:

**ماددەی (١):** لە گشت بڕگە و ماددەکان لە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٩ دەستەواژەی (...تطوير) ڕاست دەکرێتەوە بە (...تنمية).

**ماددەی (٢):** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**بێگەرد تاڵەبانی**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

**بەیانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٥**

- کردنەوەی بنکەی تەندروستی (خانەی بەساڵاچووانی هەولێر) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٥/٦/١٧.

**بەیانی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٥**

- کردنەوەی بنکەی تەندروستی (کۆمەڵگەی بەشە ناوخۆیی کچان لە زانکۆی پۆلی تەکنیکی هەولێر ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٥/٦/١٧.

**بەیانی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٥**

- کردنەوەی بەشی ( جوڵەو گواستنەوەی دەرمان ) لە بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵ کردنی دەرمان و ئامێرو پێداویستی پزیشکی لە کوردستان .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٥/٦/١٧.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**